# ئایا دروستە گرێبەستی ژنهێنان بە بێ تەڵاق هەڵبوەشێنرێتەوە پێش ئەوەی بەڵگەنامەکەی تەواو بکرێت، ئەگەر هەردوولا پێکەوە نەگونجان

هل يجوز فسخ عقد النكاح قبل توثيقه دون طلاق إذا لم يتفق الطرفان؟

< کوردی - كردي - kurdish >

بەشی زانستی لە سایتی ئیسلام پرسیار ووەڵام

القسم العلمي بموقع الإسلام سؤال وجواب

وەرگێرانی: دەستەی زمانی کوردی لە ماڵپەری ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# ئایا دروسته گرێبەستی ژنهێنان بە بێ تەڵاق هەڵبوەشێنرێتەوە پێش ئەوەی بەڵگەنامەکەی تەواو بکرێت، ئەگەر هەردوولا پێکەوە نەگونجان

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەری ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە:

**پرسیار:** لە هەندێك لە وولاتان دوای دەست نیشانکردن وداواکردنی ژن، خەڵکی لەگەڵ ئیمامی مزگەوتەکەیان دەچن بۆ کۆڕی فاتحە خوێندن، لەو کۆڕ وکۆبونەوەدا، هەموو مەرجەکانی ژنهێنان و زەواج تەواو دەکەن لە (إیجاب ) و ( قبول ) ودیارکردنی مارەیی و شاهیدەکان، وەك نەریتی باویش ئیمامی مەزگەوتەکە داوای گرێبەستی مەدەنی ( حوکمی نێو دادگا ) دەکات، وە هەندێك جاریش ئەگەر هەردوو بنەماڵەکە ڕازی بن داوای ئەو گرێبەستە مەدەنیە ناکات، جاری واش هەیە ئەو دوو لایەنە ( ژن ) و ( پیاو ) ـە کە ڕێناکەون و دێنەوە لە مزگەوت بەبێ تەڵاقدان گرێبەستەکە هەڵدەوشێننەوە، چونکە عادەتەن گرێبەستی هاوسەرگیری لە دادگا پێش چەند ڕۆژێك تەواو دەکرێت، ئایا حوکمی ئەوەی ڕوو دەدات لەمزگەوت لەکاتی ئەو کۆڕ وکۆبونەوەی فاتحە خوێندنەدا چیە ؟ ئایا دروستە لەم حاڵەتەدا ئەم جۆرە هاوسەرگیریە بەبێ تەڵاقدان هەڵبوەشێنرێتەوە ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە.

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ئەگەر هاتوو ( ایجاب ) و ( قبول ) لەنێوان پیاوەکە یان وەکیلەکەی لەگەڵ وەلی ئەمری ئافرەتەکە تەواو بوو، بەوەی کە پیاو داوای کرد لە وەلی ئەمری ئافرەتەکە کە ئەو کچەی لێ مارە بکات، ئەویش وەڵامی دایەوە و قبوڵی کرد، لەگەڵ بوونی شاهیدەکان ودیاری کردنی مارەیی، بە تەواو کردنی ئەم هەنگاوانە گرێبەستی ژنهێنان تەواو دادەمەزرێت و –ئەو ئافرەتە حەڵاڵ دەبێت بۆ ئەو پیاوە - ئەگەر هاتوو پاش ئەمە وویستیان لێك جودا ببنەوە و گرێبەستەکەیان هەڵبوەشێننەوە، ئەوا ڕێوشوێنی تەڵاقدان بەو شێوەیە دەبێت کە پیاوەکە ژنەکەی یەك تەڵاق بدات کە پێی دەوترێت تەڵاقی ( بائنة بینونة صغری ) مادام پیاوەکە نەچووبوە لای ژنەکە و خەلوەی تەواوی پێ نەکردبوو،

بەم تەڵاقەش ئیتر پیاوەکە ناتوانێت جارێکی تر ژنەکەی بگەڕێنێتەوە بۆلای خۆی، بەڵام دروستە بە گرێبەستێێکی نوێ و مارەییەکی نوێ و شاهیدەکانەوە جارێکی تر هاوسەرگیری لەگەڵ بکاتەوە، بەبێ ئەوەی پێویست بە (عدة ) بکات، ئەگەر هاتوو جاری یەکەم پێش چوونە لا و خەلوەی تەواو تەلاقی دابوو، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا ﴾ [ الأحزاب/ 49 ]، واتا: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر ئافرەتانی ئیمانداررانتان مارەکرد، لەوەودوا جیابوونەوەو تەڵاقدانتان پێش ئەوەی بچنە لایان، ئەوە هیچ (عـدة) و ماوەیەکیان ناوێ تا حیسابی بۆ بکەن و (ماوەی چاوەڕوانی ناوێ بۆ ئەوەی شوو بکات بە یەکێکی تر)، (لەگەڵ ئەوەشدا) هەندێك دیاریان پێشکەش بکەن و بە جوانی دەستبەرداریان ببن.

ئەصڵ وبنەما وایە ئەو ئافرەتەی کە پێش چوونە لای تەڵاق دەدرێت نیوەی ئەو مارەیەیی دەکەوێت کە لە گرێ بەستەکەدا ڕێکەوتون لەسەری، وە ئەگەر هاتوو مارەییەکە دیاری نەکرا بوو، ئەوا دەبێت هەندێك لە ماڵ وسامانی بدرێتی، بەشێوەیەك دەوڵەمەند بەپێی خۆی و هەژاریش بەپێی دەسەڵاتی خۆی، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ لَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِنْ طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُوا لَهُنَّ فَرِيضَةً وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدَرُهُ مَتَاعًا بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُحْسِنِينَ . وَإِنْ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إِلَّا أَنْ يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَ الَّذِي بِيَدِهِ عُقْدَةُ النِّكَاحِ وَأَنْ تَعْفُوا أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَلَا تَنْسَوُا الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾ [ البقرة : 236، 237], واتا : هیچ گوناهتان لەسەرنی یە ئەگەر ژنانێك تەڵاق بدەن کە هێشتا نەچووبنە لایان، یاخود مارەیتان بۆ دیاری نەکرد بوون، پێویستە لەسەرتان هەندێک سامانیان بدەنێ، جا ئەوەی دەوڵەمەندەو زۆری هەیە و ئەوەی کە هەژارو کەم دەستە (هەرکەس) بەپێی توانای خۆی، ئەم دیاری و یارمەتییانە بەشێوەیەک بێت کە باوو پەسەندی شەرع بێت، ئەمەش ئەرکێکی پێویستە لەسەر چاکەکاران * خۆ ئەگەر ژنانتان تەڵاقدا پێش ئەوەی بچنە لایان، لە هەمان کاتیشدا مارەییتان بۆ دیاری کردبوون، ئەوە دەبێت نیوەی مارەییە دیاری کراوەکەیان بدەنێ، مەگەر خۆیان نەیانەوێت و چاوپۆشی لێبکەن، یان ئەو کەسە چاوپۆشی بکات کە مارە بڕینەکەی بەدەستە، چاوپۆشی و لێبووردنتان لە مافی خۆتان لە پارێزکارییەوە نزیکترەو چاکەو پیاوەتی نێوان یەکتر فەرامۆش مەکەن، بەڕاستی خوا بینایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن .

ئەو ماڵ وسامانەیش کە دەدرێت بەو ژنەی کە تەڵاقدراوە و پیاو نەچووەتە لای، لە شەرعی ئیسلامدا دیاری نەکراوە، بۆیە هەرکەسێك بەپێی توانا و دەسەڵاتی خۆی، ئەگەر هاتوو هەردوولایان ڕیکەوتن لەسەر بڕێك پارە وسامان ئەوا ئەوەی مەبەستە لە ئایەتەکەدا هاتووەتە دی، وە ئەگەر هاتوو ڕێك نەکەوتن، ئەوا قازی ودادوەر بۆیان دیاری دەکات.

لەم بارەیەشەوە شێخ موحەمەدی شەنقیطي (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی : **"والتحقيق أن قدر المتعة لا تحديد فيه شرعاً ، لقوله تعالى : ( عَلَى الموسع قَدَرُهُ وَعَلَى المقتر قَدْرُهُ ) البقرة/236 ، فإن توافقا على قدر معين : فالأمر واضح ، وإن اختلفا : فالحاكم يجتهد في تحقيق المناط ، فيعين القدر على ضوء قوله تعالى : ( عَلَى الموسع قَدَرُهُ ) الآية البقرة/236 ، هذا هو الظاهر، وظاهر قوله : ( ومَتِّعُوهُنَّ ) البقرة/236 وقوله : ( وَلِلْمُطَلَّقَاتِ مَتَاعٌ ) البقرة/241 يقتضي وجوب المتعة في الجملة ، خلافاً لمالك ومن وافقه في عدم وجوب المتعة أصلاً "** [ أضواء البيان 1 / 192 ].

واتا : ئەوەی تەحقیق کراوە ئەوەیە ئەو (متعە = بڕە سامانەی دەدرێت بەژنی تەڵاقدراو پێش چوونە لای ) لە شەرعدا دیاری نەکراوە، ئەویش چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ عَلَى الموسع قَدَرُهُ وَعَلَى المقتر قَدْرُهُ ﴾ [ البقرة : 236]، واتا : دەوڵەمەند بەپێی دەسەڵاتی خۆی، ونەداریش بەپێی توانای خۆی، بۆیە ئەگەر هاتوو هەردولایان ڕێکەوتن لەسەر بڕێك سامان، ئەوا مەسئەلەکە دەبڕێتەوە و ڕوون وئاشکرایە، بەڵام ئەگەر هاتوو جیاوازی کەوتە نێوانیان لەسەر ئەو بڕە سامانە، ئەوا قازی ودادوەر هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ و ئیجتهاد دەکات تاوەکو مەبەستەکە بێتە دی، ئەو بڕە سامانەیش لە ژێر ڕۆشنایی ئایەتەکە دیاری دەکرێت : ﴿ عَلَى الموسع قَدَرُهُ ﴾ [ البقرة : 236]، دەوڵمەند و دسەڵاتدار بەپێی توانای خۆی، ئەمەش ڕوون ئاشکرایە، وە دیوی دیاری ئایەتی: ﴿ ومَتِّعُوهُنَّ ﴾ [ البقرة : 236]، بەهرەمەندیان بکەن و ڕازیان بکەن، وە دیوی دیاری ئایەتی : ﴿ وَلِلْمُطَلَّقَاتِ مَتَاعٌ ﴾ [ البقرة : 241]، واتا : ئەو ئافرەتەی کە تەلاق دەدرێت مافی ئەوەی هەیە بڕێک سامان و پارە لە پیاوەکەی وەربگرێت، مەبەست ئەوەیە بەگشتی بریك پارە وسامان بۆ ئەو ژنە تەڵاقدراوە واجب کراوە، بە پێچەوانەی ڕای ئیمامی مالیك وئەوانەش کە هاوڕان لەگەڵیدا، کە وای دەبینن ئەو بڕە پارە وسامانە بەهیچ شێوەیەك بۆ ئەو ئافرەتە واجب نیە.

ئەوەیشی لە پرسیارەکەدا هاتووە کە باس لەوە کراوە : گوایە ئەگەر هاتوو هەردوولایان ڕێ نەکەوتن وگرێ بەستەکەیان هەڵوەشاندەوە، ئەوە دەبێت بزانن ئەوە ئیشی ئەوان نیە کە گرێبەست

هەڵبوەشێننەوە، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست دەبێت بە حوکمی شەرع بێت، وبە عیلە و هۆکارێکی شەرعیش بێت، یان بە حوکمی قازی و دادوەر بێت ئەویش بە پێی حوکمەکانی شەرعی پاك وبێگەردی ئیسلام بێت، ئەوەیشی لێرەدا واجبە لەسەریان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستە تەنها تەڵاقدانە، نەك شتێکی تر ..

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە: سایتی ئیسلام پرسیار ووەڵام، ژمارەی فەتوا: 235150